# سەلاحی مازوجی:

# پێمانوانیە ئێستا نە لە ئازەربایجان و نە لە بلوجستان و خوزستان هیچ بزوتنەوەیەکی میللی رەسەن بوونی هەبێت

بەشی دووەم

چاوپێكەوتن/ ئومێد مەحمود



**سەلاحی مازوجی: لەساڵی ١٩٦١ زایینی لە گوندێکی نزیك شاری مەهاباد لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی تا وەدەستهێنانی بڕوانامەی دیبلۆمی هەر لەشاری مەهاباد تەواو کردوە. بەرپابونی شۆڕشی دژبە محەمەد رەزا شا لەساڵی ١٩٧٩ هاوکاتبوو لەگەڵ قۆناغی خوێندنی سەلاح بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دیبلۆم. لەساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ جیهانی سیاسەتدا ئاشنا بووە. لە کۆتایی ١٩٧٨ لەگەڵ کەسێك لە لایەنگرانی ( رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئیران ) پەیوەندی گرتوە.**

**لە راپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران دژی محەمەد رەزاشا لەساڵی ١٩٧٩دا وەکو لاوێکی ئازادیخواز بەشداری دەکا. سەلاحی مازوجی سەبارەت بە مێژوی ژیانی سیاسی خۆی دەڵێ:"لەئەنجامی دابەشبوونی نێو رێکخراوی چریکە فیدایەکان لە ساڵی ١٩٨٠، من لەگەڵ بەشی ئەقەلییەت بووم. لە ساڵی ١٩٨٢ بە دەست پێکردنی پروسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چوومە نێو ریزی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە و درێژەم بە چالاکی سیاسی خۆمدا. لە ناو کۆمەڵەدا ئەرك و مەسئولییەتی جۆراوجۆرم بە رێوە برد."**

**لەساڵی ١٩٨٥ ز لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا بەجێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و لەو کاتەوە تا ئێسا ئەندامی کۆمیتەی ناوبراوە، هەروەها مەسئولی کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشە.**

**هەواڵ: ئایا پێتانوانیە بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە لەلایەن ئەمریکاوە، ئاماژەیەك بێت بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژیەی کە کەوتوەتە نێوان پەیوەندیەکانی ئەمریکا ـ ئێرانەوە.**

**سەلاحی مازوجی:** پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بڵێم، ئەم راپۆرتە ئەنجامی کێشمەکێش و جیاوازیەکە لە نێوان باڵە جیاجیاکانی کاربەدەستانی ئەمریکا، چونکە لە نێو ناوەندی بڕیاردانی ئەمریکادا دوو جۆر لە سیاسەت و بیرکردنەوە هەیە، "هاری رید" رەهبەری فراکسیۆنی دیموکراتەکان لە لە سێنا و "رابرت گیتس" وەزیری بەرگری و هەندێك لە فەرماندەکانی پنتاگۆنیش، کۆك نین لەسەر ئەو سیاسەتانەی "بوش" و "دیك چینی" لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. ئاشکرابوونی ئەو راپۆرتە ئەنجامی تەقینەوەی ئەو کێشمەکێشانەیە. یەکەم کاریگەری بڵاوبونەوەی ئەم راپۆرتە ئەوەیە کە ئیدارەی بوش لە توندکردنەوەی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ئێران تووشی کێشە دەکات. چونکە ناتوانێ هەروا بە ئاسانی ئەوروپا و چین و روسیا بهێنێتە پای ئەو سیاسەتە. لە کاتێکدا ناوەندە جاسوسی و هەواڵگریەکانی ئەمریکا، کە ژمارەیان ١٦ دەزگای هەواڵگریە، راپۆرتێکی وا بڵاودەکەنەوە، کە ئێران ئێستا مەترسیەکی ئەوتۆی نیە. دەی کەواتە بلوکە ئەمپریالیستییەکانی تر ئەو زیانە ئابوریە بۆ بەخۆیان دەگەینن، ئەڵمان لەساڵی رابردوودا بری نزیکەی ١١،٥ ملیارد دۆلاری کالای تەکنەلۆژی و پیشەسازی بە ئێران فرۆشتوە، باشە خێرە ئەو بازاڕە وا بەئاسانی لەدەست خۆی بدات!؟ یان چی وا لە وڵاتانی ئیتالیا و چین دەکا بێن رێککەوتنەکانی ئابووری خۆیان لەگەڵ ئێراندا هەڵبوەشێننەوە؟! بەم مانایە چونەپێشی سیاسەتی ئەمریکا لەبەرانبەر کوماری ئیسلامی بەرەو رووی کۆسپێکی تر دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامیش تەنها لە بەر ئەوە کە لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانیدا و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستەوە یەخەیە، ئەگینا دەیتوانی زۆر سوود لەو بارودۆخە وەرگرێت بۆ مانۆڕکردن.

**هەواڵ: لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێوەدا زۆرجار زاراوەی ( شوورا ) لە بری کۆمۆن، یان سۆڤیت بەکار دەهێنرێ، ئەم زاراوەیەش وەك دەزانین زاراوەیەکی دینیە، ئایا تا چەند ئەم زاراوەیە گونجاوە بۆ ئۆرگانێکی سیاسی سۆسیالیستی؟**

**سەلاحی مازوجی:** سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە شوورا بەڕای ئێمە، رێکخراوەیەکە کە بەباشترین شێوە دەخاڵەتی راستەوخۆی خەڵك لە چارەنووسی خۆیان مسۆگەر دەکات، چ ئەو کاتەی کە هێشتا بەدەسەڵات نەگەیشتوون، کە دەتوانێ ئامرازێك بێت بۆ خۆڕێکخستن لەپێناوی بەرەوپێشەوەبردنی خەباتیان و بەدەستهێنانی داخوازی رۆژانەیان، کاتێکیش دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، دەتوانن هەر لەو ئامرازە سوود وەرگرن بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات. ئەگەر مێژووی شۆڕشی ئێران بخوێنینەوە، دەبینین ئەوە چەپەکان بوون کە لە راپەرینی ساڵی ١٩٧٩دا شوورایان پێك هێنا. لەو سەردەمەدا لە هەندێك لە کارخانەکانی تاران شووراکان کۆنترۆڵی کارخانەکانیان بەدەستەوە گرت، کە یاسا کارێکی دیموکراتیانەیان پەیڕەو دەکرد. دوو ساڵی دوای راپەڕین، ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سەقامگیر بوو، توانی ئەو شوورایانە سەرکوت بکات. بەڵام شووراکان بەشێوەیەك جێگایان لەنێو دڵی خەڵك و بزوتنەوەی کرێکاریدا کردبووەو خۆشەویست ببوون کۆماری ئیسلامی دوای بە شکست کێشانی ڕاپەرینی ١٩٧٩ بۆ چەواشە کردنی بیر و رای گشتی هەوڵیدا شوورا ئیسلامیەکان دروست بکاتەوە ، شووراکانیش لەبری چەمکەکانی کۆمۆن و سۆڤێت بەکار دەهێنران.

**هەواڵ: واتە سەرچاوی ئەو زاراوەیە و چەمکەکەی لەو ئایەتە قورئانیەوە نەهاتوە کە دەڵێ:(وامرهم شوری بینهم)**

**سەلاحی مازوجی:** بێگومان لەوێوە سەرچاوەی نەگرتوە.

**هەواڵ: ئێران وەك وڵاتێکی خاوەن سیستمی تیۆکراتی و کۆمەڵگەی ئێرانیش وەکو کۆمەڵگەیەکی ئاینی کە ئیسلام تێیدا دینی زۆربەی خەڵکە ، ئێوەش وەکو حیزبێکی کۆمۆنیستی ئەنتی دین، چۆن مامەڵە لەتەك ئەم مەسەلەیە یان ئەم دۆخەدا دەکەن؟**

**سەلاحی مازوجی:** ئەوە راستە کە لەسەر ئاستی جیهان و ئیقلیم و لە نێو خودی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا لە راگەیاندنەکاندا ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە ئێران وڵاتێکی ئیسلامیە، ئەوەش راستە کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئێران بە خۆیان دەڵێن موسڵمان، بەڵام لەهەمانکاتدا ئێمە دەبینین ئەو وڵاتە لەگەڵ فشارو چەپاندنێکی زۆر لەلایەن دەسەڵاتی مەزهەبی بەرەوڕووە، کەچی کاتێك مەزهەب یان ئایین دەسەڵاتی بە دەستەوە نییە، واقعێکی تر دەبینین، ئێمە ئەزموونی سەردەمی رژێمی شامان لە یادە، ئەوکات کە ئایین بەم جۆرەی ئیستا حاکم نەبوو، خەڵکی ئێران بە کەلتوور و فەرهەنگێك دەژیان کە زۆر لە فەرهەنگ و کەلتووری خەلکی ئەوروپا نزیك بوو، کەواتە ئەگەر خەڵك فشاری دەسەڵاتێکی مەزهەبی لەسەر نەبێ، ئەوا دەکەوێتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی پێشکەوتووی ئەمڕۆی دونیاوە، هەر لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندیەکانی رێکدەخات و ژیان دەباتە پێشەوە، هەر لە پۆشاکپۆشینەوە تا هونەرو مۆسیقا و خوێندنیش. ئەمڕۆ تێکنۆلۆژی ئەم رەوتەی ئاسان کردۆتەوە.

تاوانە، خەڵکانێك کە چەندین ساڵ بەو شێوەیە ژیابن، دواتر بەبێ ویستی خۆیان کەوتبێتنە ژێر حاکمیەتی دەوڵەتێکی تیۆکراتیەوەو ئەمڕۆ پێیان بڵێن خەڵکێکی مەزهەبین. پێویستە حاکمییەت و دەسەڵاتی مەزهەبیان لەسەر لابردرێت، ئەوجار قەزاوەت بکەین کە خەڵکی ئێران، مەزهەبین یان مەزهەبی نین.

لەلایەکی ترەوە، ئێمە لەو شوێنەوە خۆمان پێناسە ناکەین، راستە ئێمە خۆمان بە رەوتێکی مارکسیستی دەزانین و بە تیۆریەکانی ماتریالیزمی دیالیکتیك پشت دەبەستین، لە روانگەی دیالیکتیکیشەوە بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان دەڕوانین، بەڵام بۆ بەرەوپێشەوەبردن و نیشاندانی راستیی و دروستی سیاسەتەکانی خۆمان، تەماشای ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە دەکەین کە بوونەتە بار بەسەر ژیانی خەڵکیەوە وەك هەژاری و بێکاری، .... هتد، لەسەر بنەمای ئەو کێشەو گرفتانەش رێگاچارەکانی خۆمان دەخەینەڕوو، ئێستا نزیکەی ٥٠٪ خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان، هەر هێزێکیش رێگاچارە و وەڵامی هەبێت بۆ ئەو کێشەیە و کارەساتەکانی تری کۆمەڵگا، دەتوانێ لایەنگیری لەلایەن کۆمەڵگاوە مسۆگەر بکات. بەرنامەی ئێمە سەبارەت بە مەزهەب روونە کە دەڵێین دەبێ مەزهەب و ئایین لە دەوڵەت جیا بێتەوە، ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەرکەسێك مەزهەبیی بێ، جا ئیسلام یان هەر ئایین و مەزهەبێکی تری هەبێ ئازاد نەبێ، بەڵام ئەوە مەرجە کەدەوڵەت هیچ ئیمکاناتێك و کۆمەکێك پێشکەش ناکات بۆ گەشەی هیچ مەزهەبێك، هەروەها پێویستە دین لە پەروەردە و فێرکردن و بارهینان جیا بێت. لەواقیعیشدا بەشێوەی بەرچاو دەبینین داواکاریەکانی ئێمە هەمان داواکاری کومەڵانی خەڵکن، ئەوە نیە هەمان ئەم داواکاریانە بووەتە خواستی خوێندکاران، خودی رەوتی مادی رووداوەکان نیشاندەدەن کە خەڵك زۆر دژی حاکمییەتی مەزهەبن لە ئێران و خواستی جیابونەوەی مەزهەب لە دەوڵەت و فێرکردن و بار هێنان ئەمڕۆ بۆتە خواستێکی جەماوەری.

**هەواڵ: بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان کەلە دوا ژمارەی ( پێشڕەو )دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە مافی نەتەوەکان دەڵێ: "کۆمەڵە مافی سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە رەسمی دەناسێ..."**

**أ )ئایا بەرەچاوکردنی کێشە نەتەوەییەکانی ئێستای نێو عێراق، ئەم مەسەلەیە بۆ ئێوە لە داهاتوودا، کێشەی ئیداری و سیاسیتان بۆ دروست ناکات، بە عەمەلی ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکەن؟ بەواتایەکی تر گەر ئێوە ئێستا لە عێراقدا بوونایە، لەگەڵ کێشەی نەتەوەکان بەتایبەتی کورد و تورکمان، چۆن مامەڵەتان دەکرد؟**

**ب ) بۆچی لەو بەرنامەیەدا تەنها ناوی کورد و ناوچەی کوردستان هاتووە؟**

**سەلاحی مازوجی:** ئێمە پێمانوایە دەبێ هەوڵبدەین کە بارودخی کۆمەڵگایێکی ئازاد و دیموکراتێك لە کوردستان فەراهەم بکەین، کە تێیدا هەڵسوڕانی سیاسی ئازاد بێت، بە مانا گشتیەکەی ئازادیە دیموکراتیەکان دەستەبەر بکرێن، لە هەلومەرجێکی ئاوهادا کە خەڵك هیچ فشارێکیان نە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە یان هەر هێزێکی ترەوە لەسەر نەبێت، بێن و لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئایا دەیانەوێ لە ئێران جیابنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنن، یان دەیانەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە، بەو مەرجەی هەموو مافەکانیان لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ...هتد، بەتەواوی بپارێزرێ. دەبێ خەڵك رۆژێ لە رۆژان ئەو مافە بەدەست بهێنن، بە بڕوای ئێمە تا ئەو رۆژەی خەڵکی کوردستان ئەو مافەی بەدەست نەهێنابێت، مافی ئەوەی کە ئایا دەیەوێ سەربەخۆ و لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا بژی یان لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە، کێشەی نەتەوەیی کورد هەر بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە، بۆیە ئێمە لە زۆر شوێنیتردا وتومانە کە بەرنامەی خودموختاری یان فیدرالیزم ناتوانێ وەڵام بەو کێشەیە بداتەوە.

بەڵام سەبارەت بە کوردستانی عێراق، رەنگە ئێمە لە کوردستانی ئێراندا لەگەڵ کێشەی لەو چەشنە رووبەڕوو نەبینەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، دەبێت کێشەی لەو جۆرە بە بەشداریکردنی راستەوخۆ و ئازادانەی خەڵك و لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا چارەسەر بکرێت. پێشمان وانیە ئێستا نە لە ئازەربایجانی ئێران و نە لە بلوجستان و خوزستان هیچ بزوتنەوەیەکی میللی رەسەن بوونی هەبێت، ئەوانەی کە هەیشن رەوتگەلی کەم نفوسن و هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی ناکەن، وەك دەرکەوت و رۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاویانکردەوە ئەو کەسەی کە گوایە "بزوتنەوەی" بلوچستانی هەڵخراندوە، سەربە ئستیخباراتی پاکستانە، یان خوزستان تەماشا بکەن کە زۆربەی ئەو گروپانە کە ئیدیعای ناسیونالیسمی عەرەب دەکەن سەربە دەزگا ئیستخباراتیەکانی وڵاتە عەرەبیەکانی دراوسێن، واتە ئەوانە بزوتنەوەیەکی رەسەنی ئازادیخوازانە نوێنەرایەتی ناکەن. بەڵام خۆ رەنگە لەئایندەدا لەگەڵ کێشەیەکی لە چەشنی کەمینەکانی کوردستانی عێراق رووبەڕو بینەوە، ئێمە دەبێت چ بکەین، بە بڕوای من لەو شوێنانە کە لەگەڵ گرفتی لەو جۆرە رووبەڕووبوینەوە، بۆ نموونە لەشاری "نەغەدە" یان "ورمێ" یان لە هەر شوێنێکی تر، دەسەڵاتی خەڵك بە جێگای ئەوەی بچن لەسەر نەخشە بگەڕێن تا بزانن تا کوێ ناوی کوردستانە یان نا، دەبێ هەر لەو شارانە بە ریفراندۆمی خەڵك پابەندبین، بۆ نموونە خەڵکی نەغەدە کوردەکەی یان تورکەکەی جیاوازی نیە، گەر تورکەکان پێیانخۆشە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا بژین، کە بە ڕای ئێمە دەبێ حاکمیەتی لەدەستی خەڵکدا بێت، دەبێ وەك هەر تاکێکی تر مافەکانیان لە هەموو بوارێك دا بە رەسمی بناسرێ. دەبێ تەواوی هەوڵی خۆمان بدەین، پرۆسەی جیابونەوە بەشێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و بەبێ خوێنڕشتن کۆتایی پێ بێت. دیارە ئەوە کاتێك کە خەڵکی کوردستان بڕیار لە سەر جیا بوونەوە بدەن.

**هەواڵ : پێتانوایە وڵاتانی دراوسێ و جیهان رێگە بەو شێوەچارەسەرە بدەن؟**

**سەلاحی مازوجی:** ئەگەر بتوانی خەڵك قەناعەت پێبکەی و لە شەقام و مەیدانی خەبات دا رایانگری دەتوانی بیسەپێنی بەسەریاندا. ئەوان رەنگە بیانەوێ کەند و کۆسپ بخەنە سەر رێگات، بەڵام دەبێت بزانی هەلومەرجەکە چۆنە، ئەوکات پێویستە نەخشەو پلانی خۆت هەبێت سیاسەتی خۆت هەبێت بۆ بەرەنگاربونەوە و پووچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانیان، بەهەمان شێوە پێویستە بەرنامەو نەخشەی خۆت هەبێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی مەرکەزی یان هەر دەوڵەتێکی زۆردار بۆ پووچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی.

**هەواڵ: هەر سەبارەت بەو بەرنامەیە سەبارەت بە ئایندەی دەسەڵات لە ئێراندا دەڵێ: " ئاسۆی روخانی کۆماری ئیسلامی و تێکەوپێچرانی دەسەڵاتەکەی بۆتە ئیمکانێکی مادیی و واقعی.."**

**ئایا ئێوە لەسەر چ بنەمایەك و بەڵگەگەلێکی واقعی بەم ئەنجامە گەیشتون، پێتانوایە لەم حوکمەتاندا زۆر گەشبینن؟**

**سەلاحی مازوجی:** ئێمە لەسەر بنەمای ئەو هەلومەرجەی کە کۆماری ئیسلامی تێی کەوتووە، هەروەها ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەمڕۆ لە مەیدان دان، وەك پێش تر ئاماژەم بۆ کرد ئێمە ئێستا شاهیدی چوار بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهێزین. لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد یەکەمین سیاسەتی ئەوەبوو کە بتوانێ ئەم بزوتنەوانە ناچار بە پاشەکشە بکات. هەروەك ئاگادارن لە کوردستانەوە ئەو هەڵمەتەی دەستپێکرد، کاتێك هێرشیانکردە سەر کۆمەڵێك لاوی شاری مەهاباد و بە شوێن کوشتنی لاوێکی ئەو شارە ئەوەبوو ناڕەزایەتیەکانی هەموو شارەکان لە کوردستان دەستی پێکرد، زۆر بەدرندانەش رژێم بەرەنگاریبووەوە و هەوڵی سەرکوتکردنیدا. بەڵام خەڵك پاشەکشەی نەکرد، ئەوە بوو لە ١٦ گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ هەتاوی بە مانگرتنێکی سەرتاسەری وەڵامیان دایەوە، رژێم لە سیاسەتی پاشەکشە کردن بەو بزوتنەوەیە شکستی هێنا، ئێستا کوردستان رەوشێکی نەترسی لەنێو خەڵك پەیدابووە، بۆ هەر جێەك دەچی باس باسی سیاسەتە، لەنێو تاکسی و لەنێو قاوەخانەکاندا.. هتد.

دواتر هێرشی کردە سەر بزوتنەوەی کرێکاری، زۆرێك لە هەڵسوڕاوان و بەشداربوانی ئەو بزوتنەویەی بە بیانووی بەشداربوون یان رێکخستنی مەراسیمی ١ی ئایار دەستگیر کرد و لە زیاندانی کردن، سەرەڕای هەموو سەرکوت و فشارەکانی، رژێم نەیتوانیوە پاشەکشە بەم بزوتنەوەیە بکات، ئەو کرێکارانەیشی کە چوونەتە زیندان، زیندانیشیان کردوەتە مەیدانێك بۆ خەبات و تێکۆشان و توانیویانە پشتیوانی نەك لەنێو ئێران بەڵکو لە ئاستی جیهاندا بە دەست بهێنن، ئەوە لە ئاکامی خەباتی کرێکارییە کە چەند رۆژ لەمەوبەر لیژنەیەکی وڵاتانی ئەوروپا چوونەتە ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی گوزەرانی کریکارانی زیندانی، ئەمە نیشانەی هێز و توانایی ئەو بزوتنەوەیە.

شەپۆلی دووەمی هێرشەکانی حکومەتی ئەحمەدی نەژاد کە دەستی پێکرد لە مانگی ئایاری ئەمساڵ دا بوو دژ بە بزوتنەوەی ژنان، سەرەتا بە هەڵمەتی دژی حیجاب دەستی پێکرد و هێرشێکی فراوانی کردە سەریان، بەهەزاران ژنی لە شارو شارۆچکەکانی ئێران دەستگیرکرد و رەوانەی زیندانی کردن، بەڵام نەیتوانی بەسەر بزوتنەوەکەدا سەرکەوێت، پاشان هێرشی کردە سەر خوێندکاران و لە زانکۆی پۆلی تیکنیك و تاران و زانکۆکانی تری شارەکانی ئێران، کۆمەڵێك خوێندکاری گرت و خستنیە زیندان، بەڵام بەو کارەی کە کردی خودی ناوەندە خوێندکاریەکانی کردە مەیدانی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و نەیتوانی بزوتنەوەکە خامۆش بکات.

مەبەستم ئەوەیە لەسەر بنەمای توانایەك کە ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە هەیانە لەلایەك و بێ توانایی و بێ هێزی رژێم لە ئەوە کە بارودۆخی ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی دەهەی شەستی هەتاوی، لە ئاستی نێودەوڵەتیشەوە بارودۆخی رژێم وەك ئاگادارن لەبار نیەو لەهەموو لایەکەوە لەژێر فشاردایە و بە تاك کەوتوەتە.

لە ئەنجامی ئەو ئابڵوقە ئابوریەی کەلەسەریەتی، کە ئەمەش وایکردووە نەتوانێ ستراتیژی ئابوری خۆی بەرێتەپێشێ، کە یەکێك لە گرنگترین سیاسەتە ستراتیژیە ئابوریەکانی ئەحمەدی نەژادە و هەر درێژە و تەواوکەری پرۆژەی حکومەتی رەفسەنجانی و خاتەمی یە. ئەو پرۆژەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ تێکەڵاوی زیاتر لە گەڵ رەوتی بازاڕی جیهانی سەرمایەداری. بۆ ئەمەش سەرمایەداری ئێران پێویستی بە توانای رکابەرایەتی سەرمایەی نێودەوڵەتیە، پێویستی بە کێشکردنی سەرمایەیە، تا سەرمایەگوزاری پەرەبسێنێ، پێویستی بە هاوردنی تەکنەلۆژیای نوێیە، خودی سیاسەتی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە بواری دیبلۆماتیکیدا بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی کە گرتوویەتە پێش، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی گۆشەگیر و ئابلۆقەدراو بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، و ئەمەش تووشی قەیرانێکی توندی کردووە. هەر ئەو جیاوازیەی ئەمڕۆی لە نێوان باڵەکانی رژێم، لەسەر بەردەوامبوونی سیاسەتی ئەتۆمی، وەك ئەوە کە رەفسەنجانی و خاتەمی دێن رەخنە لە سیاسەتەکانی ئەحمەدی نژاد دەگرن لەو بارەیەوە ئەوە رەنگدانەوەی ناڕەزایەتی چینی سەرمایەداری ئێرانە. سەرمایەدارن و ناسیۆنالیمی ئێران دەڵێن راستە ئێمەش دەمانەوێ ئێران هێزێکی ئەتۆمی بەتوانا بێت لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەڵام نەك بە بەهای ئەوە ئێمە نەتوانین سیاسەت و ستراتێژی ئابوری خۆمان و رەوتی تێکەڵاو کردنەوەی سەرمایەی ئێرانی لە گەڵ سەرمایەی جیهانی بەرینەپێشێ، ئەمەش رژێمی تووشی قەیران کردووە و هەروا بە ئاسانی بۆی چارەسەر ناکرێ.

لەلایەکی ترەوە وێڕای ئەوەی نرخی نەوت بەرز بۆتەوە، داهاتی نەوتی ئێران ٣٠ ملیارد دۆلار لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا زیادی کردووە، بەڵام ئەو ٣٠ ملیاردۆلارە بە پێی دانپێداهێنانەکانی خودی چاپەمەنیە ئێرانیەکان ٢٠ ملیاردی نادیارە، ئەمە هۆی چیە؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە هەمووی ئەو پولە کراوتە خەرجی بەهێزکردنی دەزگا ئەمنی و سوپاییەکان وەك بەسیج و سوپای پاسداران و.....هتد. کە ئەم دەزگایانەش دەزگای پاراستنی پایەکانی رژێمن و هێزی سەرکوتگەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن. بەڵام لەهەمانکتدا هەر ئەو پرۆسەیە، پرۆسەی رژانی ئەو پوولە بۆ نێو بازاڕ، بووەتە هۆی دروستبوونی ئاوسانی ئابووری و داشکاندنی نرخی دراوی ئێرانی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بووەتە هۆی قوڵکردنەوەی قەیرانە ئابوریەکەی، راستە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو هەموو سوپاو هێزە چەکدارەی کە هەیەتی توانیویەتی هەلومەرجی سەرکوت رابگرێ و مەبەستیش ئەوە نیە کە ئەمڕۆ یان سبەی شۆڕش بەرپا دەبێ، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هێزو توانا سەرکوتگەرانیەی کە هەیەتی نەیتوانیوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ناچار بە پاشەکشە بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بزوتنەوە ناڕەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان لەپێشکەوتندان، هەر ئەوڕۆ خۆیان دان بەوەدا دەهێنن کە ئەوە مارکسیستەکانن لە زانکۆکاندا خۆپێشاندان دەکەن. ئێوە تەماشا کەن دوای خوێناویترین سەرکوت، کە بەسەدان و هەزاران خوێندکاری کۆمۆنیست لە زانکۆکاندا لە سێدارە دران و یان زیندانی و دەرکراون، تازە خۆیان دەڵێن ناڕەزایەتیەکانی نێو زانکۆکان مارکسیستەکان رێکیدەخەن، هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە رژێم بارودۆخی لەبار نیە، هەر ئەمەش ئێمە ئومێدەوار دەکات بە ئاسۆیەکی روون، خۆ ئێمە هەرگیز نەمانوتوە ئەمڕۆ و سبەی راپەڕین و شۆڕش بەرپا دەبێ، بەڵام دەبێ ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە بۆ بەردەوامبونی خۆیان، خۆڕێکخەن وئەویش ئەو کاتەیە کە کۆماری ئیسلامی لە روخان نزیك دەبێتەوە.

**هەواڵ: هەر لەمەڕ بەرنامە دەربارەی دەسەڵاتی ئایندە، واتە لە حاڵی سەرکەوتندا دەڵێ:" سەرجەم کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێك زۆربەی خەڵك ئیرادە بکەن، لەهەر سەردەمێکدا دەتوانن بیانگۆڕن"**

**ئایا دەکرێ لەم بارەیەوە زیاتر روونکردنەوە بدەن؟**

**١ )ئاشکرایە لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی بۆ پۆستەکان هەڵدەبژێردرێن حیزبین و ئەزموونیان لە ئیدارەدا نیە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر بەرپرسێك هەڵبژێردرێ و لە ماوەی مانگێکدا لە کارەکانیدا سەرکەوتو نەبوو، دەکرێ بەو مانگە لابرێ؟ ئەمە جگە لەوەی ئەزموونەکانی شۆڕشەکانی تر لەم بوارەدا کێشەی زۆریان بۆ دروست بووە.**

**سەلاحی مازوجی:** بەشێوەیەکی گشتی میتۆدۆلۆژی زاڵ بەسەر ئەو بەرنامەیەدا ئەوەیە کە دەسەڵات و حاکمیەت بکەوێتە دەست خەڵك، ئێمە لە گەڵ دسەڵاتداریتی حزبە سیاسیەکاندا نین، پێمانوایە ئەگەر سبەی ئالوگۆڕێکی سیاسی لە ئێراندا روویدا، نابێت ئێمە بێین لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی تر دانیشین و وزارەتەکان و پۆستەکانی دەوڵەتی لە نێوان خۆماندا دابەش بکەین و پرنسیپی فیفتی فیفتی و شتی تری لەو چەشنە پیادە بکەین. ئێمە موخالفی ئەو ئۆلگۆیە لە حکومەتین. ئێمە لەم بوارەدا خاوەن ئەزموونین لە کوردستاندا.

دوای راپەرینی ساڵی ١٩٧٩ بۆ ماوەی نزیك ساڵێك لە شاری سنە شایەدی بوونی بنکە شوورایەکانی گەڕەکەکان بووین، هەرچەندە خەڵك ئەو هۆشیاریەی وەك ئێستای نەبوو، نە حیزبی سیاسی وا هەبوو کە خەڵکی هۆشیار کاتەوە، نە خەڵکیش ئەزموونێکی وای هەبوو، بەڵکو لەدڵی ئەو راپەڕینەوە بوون بە خاوەن ئەزموون، هەموو خەڵکی گەڕەك بە ژن و پیاوەوە ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بوو، لەسەر هەموو گرفت و کێشەکان کۆدەبونەوەو بڕیاریان دەدا، بە شێوەی کۆمەڵ و دەستەجەمعی بڕیاریان دەدا. ئەو شوورایەنەش کە هەڵدەبژێردران کەسانی سەربە مەیلە سیاسیە جۆربەجۆرەکان بوون، هەبوو سەربە کۆمەڵە بوو، هەبوو حیزبی دیموکرات بوو .....تاد، بەڵام چونکە خەڵکەکە هەڵیان بژاردبوون لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرەوە بوون. بۆیە دەڵێم دیاردەیەك یان ئەزموونێك کە بەفیعلی پراکتیزە کراوە و کەم و کوڕیەکانی زانراوە، خەڵك چۆن ناتوانێ ئەو ئەزموونە دووبارە پراکتیزە بکاتەوە، ئەوەش دیارە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پەندو وانانەی پێشوو.